# ستراتیژی پاش شکست

**زمناکۆ عزیز**
zmnaco@yahoo.co.uk

ئاشکرایە کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراق ڕۆژانە لەگەڵ شکستی بەردەوام ڕووبەڕوە، ئەمە نەحوکمێکی سادەو سەرەپێییانەیەو نەشیکردنەوەیەکی سیاسیانەی قوڵێشی گەرەکە، بەڵکو خودی حکومەتی ئەمریکا لەسەر زاری ئەندامانی کۆنگرێسەکەیەوە بگرە تا وەزیرو ڕاوێژکارانی سەرۆك، ئەم ڕاستیە ئەڵێن. وە ڕوداوە عەمەلیەکانیش ڕۆژانە بەدەیانجار ئەم حەقیقەتە ئەسەلمێنن، هەر لە قوڵبوونەوەی شەڕی ئەهلیو تائیفیەوە بگرە تادەگاتە ئەگەرەکانی بەردەم هەڵوەشانەوەی حکومەتەکەی مالیکی، ژمارەی کوژراوەکانی جەنگو هێرشەکان بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی کوژرانی زیاتر لە 650 هەزار ئینسانی مەدەنی نیشاندەدەن- ئاماری ڕاستەقینە ئەگەر ببێت ژمارەکە زۆر گەورەترە، چونەسەرەوەی ژمارەی کوژراوە ئەمریکیەکان لەعێراق، بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی لە عێراقو دنیا تائاستی ڕاگەیاندنی "ئەمارەتی ئیسلامی" لەعێراق، دەخالەتی دەوڵەتانی ناوچەکە لەکاروباری ناوخۆی عێراق، شکستی حزبی حاکم لەبەرامبەر حزبی دیموکراتدا لە هەڵبژاردەکانی ئەم دواییەی کۆنگرێسی ئەمەریکادا، سەرهەڵدانی مخالیفینی زیاتری ئەمریکا لەناو ئەنجومەنی ئاسایش... هتد، هەرکام لەمانە ئەتوانن ببنە بەڵگەی شکستی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراقدا.

بەڵام پرسیاری جدی ئەوەیە کە پاش ئەم شکستە گەورەیە، ستراتیژی نوێی ئەمریکا چی ئەبێت؟ کام سیناریۆی ڕەشتر بەڕێوەیە بۆ خەڵکی عێراق؟ ئایندەی سیاسی عێراق بەرەو کوێ ئەچێت؟ ئایندەی کوردستان چی لێدێت؟ جێگەو ڕێگەی هێزە سیاسیەکانی دەخیل لەسەر ساحەی سیاسی عێراق کامە ئەبێت؟ ئاسۆی بزوتنەوەی دژی جەنگ لەجیهانداو ناڕەزایەتی خەڵکی لەناوخۆی عێراق دژی داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق بەرەو کوێ ئەچێت؟ ئەمانە و دەیان پرسیاریتر ئەبێت وەڵام وەربگرنەوە بۆئەوەی بەرچاومان ڕۆشن بێت لە هەنگاونان بەرەو ئایندە.

بە بۆچونی من ئەبێت بەر لەوەی کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە جارێکیتر ئەوە تەئکید بکەینەوە کە ئەمریکا سەرباری ئەم شکستەی لەعێراق، بەڵام هێشتا لەسەر نەهجی سیاسیو ستراتیژی " گورزی خۆپاراستن" بەڕێوە ئەچێتو، لەو مەسەلەیەدا تەواوی سیاسەتمەدارانی هەردوو حزبی ڕکابەری ئەمریکی بە جمهوریخوازو دیموکراتیخوازیەوە تەنانەت لایەنە سیاسیەکانی دەرەوەی ئەو بازنەیەش بە "بیرمەندەکان"ی پنتاگۆنیشەوە، پێکەوە کۆکنو هەرهەمویان تێڕوانینی ستراتیژیان هەر هەمان تێڕوانینی پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتامبەرە. بەڵام سەبارەت بەعێراق بۆچونو تێڕوانینی نوێ لەناو ئیدارەی ئەمریکادا سەریهەڵداوە کە سەرتاپای ستراتیژی ئەمریکی لەعێراق ئەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو سیاسەتو هەنگاوە تازەیە ئەبێت بتوانێ سەرجەم ئامانجە سیاسیەکانی ئەمریکا لەعێراق بپارێزێت بۆ درێژەدان بە هەژمونی سیاسی خۆی لەجیهاندا، بەڵام بە کەمکردنەوەی فشاری ناوخۆیی ئەمریکا، بەومانایەی کە ئەمریکا ئەمجارە لەڕێگەی هێزە سەربازییەکانی خۆیەوە ئەو کارە ناکاتو، تەنها تەکنۆلۆژیای سەربازی بەکار ئەهێنێتو، سوپای دەوڵەتانی ئیقلیمیو هێزو میلیشیای وڵاتە ئیقلیمیەکان ئەکاتە وەسیلەی جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسیو سەربازیو ستراتیژیەکانی خۆی. بۆئەوەی کە بتوانێ لایەنەکانی ترنجاتە نێو ئەم ململانێیەوە، پێویستە ئەمریکا پاشەکشە بە هێزە سەربازییەکانی خۆی لەعێراقدا بکاتو بەدوای ڕێگەچارەیەکی ترەوە بێت، ڕێگاچارەیەك کە بتوانێ خۆی حکومەتی ئەمریکا لەو گێژاوە سیاسیەو قەیرانە قوڵە دەرباز بکات، هاوکات بتوانێ سەرکەوتن بۆ خۆی لەعێراق زامن بکاتو لەو ڕێگەیەشەوە بتوانێ تاقیبی سیاسیەتە نێودەوڵەتیەکانی خۆی بکات. چونکە مەسەلەی کشانەوەی تەواوی هێزەکانی لەعێراق —یان بەشێکی گەورەی هێزە سەربازییەکان-خاڵی یەکلاکەرەوەی هەر هێزێکە کە بیەوێ سبەی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێتو کۆشکی سپیو پنتاگۆنی بەدەستەوە بێت. واتە ئەو حزبو لایەنە سیاسیە کایەکە ئەباتەوە لەناوخۆی ئەمریکادا وئایندەی سیاسیو دەسەڵاتی بەدەستەوە ئەبێت کە، بڕیاری گێرانەوەی سەربازە ئەمریکیەکان بۆ وڵاتی خۆیان فەرز بکاتو، بەعەمەلیش ئەم کارە ئەکاتە ئەوەی کە بەر بەدووبارەبوونەوەی ڤێتنامو سۆماڵێکیتر ئەگرێت کە زۆرێك لە سیاسەتمەداری ئەمریکایی لەئیدارەی ئێستا زەندەقیان بەم مەسەلەیە چووە، وە هاوکات درێژە بە سیاسەتی باڵادەستیو هەژمونی ئەمریکا بەسەر جیهاندا بدات. چونکە ململانێی نێوان ئەو هێزانە لەسەری مرۆڤدۆستیو ئینسانی بوونی لایەكو نائینسان بوونی ئەویتریانەوە نیە، بەڵکو ئیدارەی ئەمریکی ئەیەوێ خۆی لەفشاری ناوخۆیی دەرباز بکاتو، خۆیشی ئامادەبکات بۆ ڕوبەڕوو بونەوەو وەڵامدانەوەی ئەو فایلە زۆرەی کە لەبەردەستیدایە، وەك مەسەلەی فەلەستین-ئیسرائیل، کێشەی ئەتۆمی ئێرانو کۆریا، سەرکێشیەکانی حکومەتی سوریا لەبەرامبەر ئەمریکادا، هێزی ئابوری دەوڵەتی سعودیە، مەسەلەی یەکێتی ئەوروپاو پەیمانی ناتۆ، ڕکابەرێتی لەگەڵ زلهێزانیتری وەك ئەڵمانو یابانو فەرانسەو ڕوسیا....هتد. ئەمانە جگە لەدەیان کێشەو گرفتی بچوکتری تری وەك مەسەلەی کورد، مەسەلەی دارفور، سۆماڵ، سەحرای غەربی، ساحل العاج، و .....دەیانیتر. وەڵام بۆ هەر

هەمووو ئەم پرسانە لەلایەن ئەمریکاوە بەندە بە سەرکەوتنی لەعێراقدا. واتە ئێستا ئەمریکا لەنێوان کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی لەعێراق و درێژەدان بە سیاسەتەکانی لەجیهاندا لەگەڵ قبولکردنی شکست قەراری گرتوە، بۆئەمەش ڕێگەی یەکەمی هەڵبژاردوەو، لەم پێناوەشدا ئەبێت کێشەیەکی قوڵترو سەختترو ماڵوێرانکەرتر دروست بکات تا خۆی لەژێر فشار دەربکاتو هاوکات توانای بەسەر درێژەدان بە سیاسەتی "گورزی خۆپاراستن"کەیدا بشکێتەوە، بۆئەمەش سازکردنی چەند سیناریۆیەکی پێویستە کە لەناوچەکەدا بەڕێیبخات.

قۆناغی یەکەم: لەکورتماوەداو بەخاتری دابین کردنی ئارامیەکی نیوەناچڵ لە بەغدادو ناوچەکانی ناوەڕاستو باشور، وە بۆ هێور کردنەوەی هەڵوێستی ئێرانو سوریا لەبەرامبەر خۆیدا، ئەمریکا ناچارە بۆ ساتو سەوداو بەقەولی خۆیان گفتوگۆ لەبارەی هەلو مەرجی سیاسیو ئەمنی عێراقەوە بەشداریان پێبکات، ئەوەش بەجۆرێك بخاتە پێشچاوی سەرانی ئێرانو سوریا کە بەشداری پێکردنیان وەك سەرکەوتنی سیاسی بۆ ئەو دوو وڵاتە چاولێبکرێتو، ئەمە لەکاتێکدایە کە خودی ئێرانو سوریا پێشتریشو ئێستاش ئامادەبونو هەن کە لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەونە گفتوگۆو چەندجارێکیش بەڕەسمی ئەم داوایەیان کردوە، دواترینیان لێدوانەکانی ئەحمەدی نەژادە کە ئەم ڕاستیە ئەسەلمێنێتو، سەردانی سێ ڕۆژەی وەفدی عێراقیش بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی بۆ تارانو چاوپێکەوتن لەگەڵ علی خامنەئیو سەرانیتری ڕژێمی ئیسلامی هەرلەم چوار چێوەیەدا دێت. کەپێشتر ئەوە ئەمریکابووە کە ئەو داوایەی ئێرانو سوریای ڕەتکردۆتەوە، بەڵام ئێستا خۆی ئەیەوێ بەشداریان پێبکاتو لەبەرامبەریشدا ئەیەوێ مولزەمیان بکات بەوەی کە دەست هەڵگرن لە هاندانی لایەنگرانیان لەعێراق و بۆماوەیەك ئارامیەك ببەخشنە شارەکانی عێراقو ناوچەکانی بەغداو دەوربەری، کەئەمەش (کالعادە) چەندین سەردانی سەرانی ئەو وڵاتانەو کاری دبلۆماسیو میانجیگەرایيو کۆنفراساتی بەدواوە ئەبێتو، بەم سیاسەتەش ئەگەر سەرکەوتوبن ئەوا بۆ ماوەیەکی کەم ئەتوانن بەرەکانی جەنگ پشویەك پێبدەن. لەهەمان کاتیشدا ئەمریکا فشارەکانی خۆی ناڕاستەوخۆ بۆسەر هەرکام لەو دوو وڵاتە توندتر ئەکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی ئەمریکاوە نا، بەڵکو فشارەکان لەلایەن مەجلیسی ئاسایشی نێو دەوڵەتیو یەکێتی ئەوروپاو هاوپەیمانەکانی ئەمریکاوە لەسەر هەرکام لەئێرانو سوریا توند ئەکرێنەوە، ئەویش لەسەر مەسەلەی دەستبەردار نەبوونی ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم، وە سەبارەت بەسوریاش لەسەر مەسەلەی کوشتنی حەریریو کێشەی لوبنانو پشتیوانی لە حزب اللە و هەبوونی قیادەی حەماس لەناو خاکی سوریادا، وە لەدرێژ ماوەشدا مەسەلەی مافەکانی مرۆڤو مومکنە مەسەلەی کوردیش، سەرەنجام بەهۆی ئەم گرفتانەوە دیسان بەبڕیارێکی نێودەوڵەتی سزای هەرکام لەو دوو وڵاتە بدرێتو گەمارۆی ئابوریان بخرێتە سەرو توانا ئابوریەکانیان لاوازتر بکاتو، پێموایە کە لەماوەیەکی کەمدا ئەتوانێ ئەم کارە بکات، چونکە هەر ئێستا زەمینەی گەمارۆی ئابوریو سیاسی بۆسەر هەرکام لەو دوو وڵاتە لەهەموو ئەگەرەکانیتر بەهێزترەو قسەی لەسەر ئەکرێت. وەبۆ هەرکام لەو دوو وڵاتەش مەسەلەی هاتنە ناو بازنەی سیاسی عێراقو دەخالەت پێکردنیان بە خاڵی وەرچەرخان ئەزانن وەئەکرێت بۆماوەیەکی کەمیش بتوانن تا ڕادەیەك لەڕووی سیاسیەوە سود لەو مەسەلەیە وەربگرنو بە قازانجی نەهێشتنی گۆشەگیریە سیاسەکەیان تەواو بێت. ئەگەر ئەمریکا بتوانێ لەم هەنگاوەیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا ڕێگەی خۆش کردوە بۆ دەستکردن بەقۆناغی دووهەمی نەخشەکەی.

قۆناغی دووەهەم: پاش ئارامیەکی کاتی کە ئەگەر بەدەست بێت، ئەوا بۆهەرکام لە لایەنەکانی شەڕی تائفی لەعێراق وەك فرسەتێك بۆ بەهێزکردنی تواناییە سەربازییەکانیانو پەیوەندیە دەرەکیەکانیانو دەستپێکردنی شەڕێکی ئیعلامی چاو لێدەکەن، هەر لێرەشەوە وێڕای هەوڵو تەقەلای سەرانی حزبو مەرجەعیەتە ئیسلامیەکان بۆ خۆ قایمکردنو خۆ سازدان بۆ جەنگی چاوەڕوانکراو، هاوکات هەریەك لە حکومەتەکانی ناوچەکەش دەرگایان بەڕوودا والا ئەبێت کە لایەنگرانی خۆیان پڕچەكو گیرفانیان پڕ دۆلار بکەن، وەهەر لە پەنای ئەمەشەوە ئەمریکا بەپارەی نەوتی عێراق بۆ ماوەیەکی کەم ئەتوانێ کۆمپانیا بازرگانیەکانی بخاتە کارو جموجولێکی کاتی بازرگانی لەناوخۆ برەو پێبداتو نرخو بەهای دراوی عێراقی بەرز بکاتەوەو سەرنجی کۆمپانیاکانیتریش بۆ ئەم فرسەتە ڕابکێشێت، وەئەمەش ئەکاتە بەڵگەی دامەزراندنو دابین بوونی ئارامی لە عێراقدا. لەم نێوەدا هەردوو دەوڵەتی ئێرانو سعودیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان چالاکترینی ئەو هێزە ئیقلیمیانە ئەبن کە دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەرئەدەن، وە ئەم مەسەلەیەش هەروا ڕێکەوت نیە، چونکە حکومەتی ئێران کار بۆ بەهێزکردنی هێزی شیعە ئەکاتو ئەیەوێ سەرجەمیان لەناو مەرجەعیەتێكو حزبێکی سیاسیدا ڕێکخراو بکات، بەمەش جێگەو ڕێگەی خۆی بەهێز بکات لەعێراقو درێژە بەجەنگێکی خوێناویو دێرین بدات کە لەسەدەی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە دەستی پێکردوە، لێرەوە ئەیەوێ ببێتە ئەو ئیمپراتۆریەتە ئیسلامیەی ناوچەکە کە بەتەنها خۆی سود لەخێرو بێری داهاتی نەوتو داهاتی قەبرەکانی محمدو علیو حسنو حسێن لەعێراقو سعودیەدا بکات، لەم هەوڵانەی ئێراندا بۆ دروستکردنی تاکە مەرجەعیەتو تاکە حزبی دایکدا، وێڕای ئەوەی کە ژمارەیەك حزبی شیعەو مەرجەعیاتیان ئەتوێنێتەوە یان لاوازیان ئەکات بەخاتری توانەوەیان لەناو مەرجەعیەتێكو حزبێکی بەهێزتردا، کە حەتمەن ملیشیاکانی مەهدیو خودی موقتەدا سەدرو یەعقوبیو حزبی فەزیلەو دەعوا ئەکاتە قوربانی بۆ عبدالعزیز حکیمو مەجلیس ئەعلا، وە لەئەگەری کشانەوی هێزەکانی بەریتانیاش لەبەسرا، ئەوەندەیتر جێپێی خۆی لەو شارە قایمتر ئەکاتو ئەبێتە هەڕەشەی جدی بۆ سەر

وڵاتی سعودیەو، بەمەش زیاتر سعودیە تەحریك ئەبێت بۆ ئەوەی کاردانەوەی هەبێتو سنورەکانی خۆی بپارێزێتو بەریش بگرێت لە کوشتنی سوننەکانی عێراق.

وە بۆدەوڵەتی سعودیەش بەهەمان شێوەی ئێران حەرەکەتو مامەڵە هەر دروستە، چونکە ئەویش خۆی بە دایکی جیهانی ئیسلامی ئەزانێتو خاوەنی گەورەترین ئیحتیاتی نەوتە لەجیهانو ئابوریەکی ئیجگار بەهێزی هەیە لەناوچەکەدا، وە لەپاش جەنگی کەنداوی یەکەمیشەوە توانیویەتی سوپایەکی بەهێزی نزیك بە ملیۆن کەسی دابمەزرێنێتو، لە ئیمکانیەتێکی سەربازی لەڕووی تەکنۆلۆژیشەوە بەهێز، بەهرەمەندە. سعودیە کە تائێستا وەك لایەنێکی دەخالەتگەری ناو کێشمەکێشی عێراق دەرونەخشی هەبووە لە پاڵپشتی کردنو دەستگیرۆییکردنی ئیسلامیە سوننەکانو پاشماوەکانی بەعسدا، لەوەها فرسەتێکدا بەهەمان شێوەی ئێران لەکاردا ئەبێت بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم سوننە مەزهەبەکانی عێراق بە ناسیونالیستو کۆنەبەعسیەکانەوە، لەژێر چەترێکی گەورەتردا کە لەئێستادا "هەیئەی عولەمای سوننە"و خودی (**حارث الضاري**) لەهەموان شانسیان زیاترە کە ببنە ئەو هێزە سوننی مەزهەبەی کە سەرجەم لایەنەکانی وەك حزبی ئیسلامی عێراقو کۆنگرەی ئەهلی سوننەو ناسیونالیستە بەعسیەکانو کەسایەتیەکانی وەك عەدنان دلێمیو تاریق هاشمیو موتڵەگو پاشماوەکانی زەرقاویو قاعیدە، تەنانەت یەکگرتوی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیش لەکوردستان، لەناو بەرەیەکی گەورەتردا کۆبکەنەوە. بێگومان سوریاو میسرو ئەردەنو دەوڵەتانی تری عەرەبی پشکیان ئەبێت لەم هەنگاوانەداو هەریەکەو بۆ مەبەستو ئامانجی خۆی کۆشش ئەکات.

بێگومان کوردستانیش لەژێر کاریگەری ئەم هەلومەرجەدا قەرار ئەگرێتو یەکێتیو پارتی جگە لە ئەمریکاو ئەو هێزە سەربازیانەی کە لەخوارو وناوەڕاستی عێراق پاشەکشەیان کردوە بۆ کوردستان، ناتوانن پشتو پەنایەکی تریان ببێت، ئەو پشتو پەنایەش بۆ ئەم دووحزبە تاسەر نابێتو ئەمریکا دۆستی ستراتیژی نیە بەئیسرائیلیشەوە.

وەك ئاماژەم پێکرد کە مەسەلەی جەنگی تائیفی لەوەها فەزایەکدا تەواو نابێت، بەڵکو پشویەکی پێئەدرێت، هەربۆیە بەڵای هەڵگیرسانەوەی جەنگ ئەو دێوەزمەیە کە هەمیشە هەڕەشەی دووبارەبونەوە ئەکاتو هەرکاتێك گونجاو بوو نەك هەر ئەگەڕێتەوە دۆخی ئێستای، بەڵکو کوشتارو لەخوێن هەڵکێشانی شارەکان دروست ئەبێت، وەهەرکام لە دەوڵەتانی ناوچەکە ناڕاستەوخۆو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەستیان ئەبێت لە سازدانو ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە، وە دورنیە جەنگێکی دبلۆماسیو ئابوری لەنێوان ئێرانو سعودیەدا لەسەرەتای ئەم ڕوداوانەوە دەست پێبکات، چونکە هەر ئێستا ڕاوێژکارانی سیاسی چونە ناو خاکی عێراق پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بەئەگەرێکی بەهێزو تەنانەت حەتمیش ئەزانن، وە ئەمریکاش ئەم تێوەگلانەی سعودیەی زۆر لاپەسەندە، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد لە ئابوریەکی بەهێزو تواناییەکی سەربازی بەهێز بەهرەمەندە، کەئەگەر ئەم ئیمکانیاتە لەهەر کودەتایەکدا بکەوێتە بەردەست هەر هێزێکی تیرۆریستی وەك قاعیدەی تیرۆریست، ئەوا بوونی ئەمریکا لەناوچەکەدا بەتەواوی ئەسڕێتەوە، کەواتە لاواز بوونی سعودیە لەڕوی سەربازیو ئابوریەوە کارێکە بەرژەوەندی ئەمریکای تێدایە. وەسوپای تورکیاش لەم نێوەدا دەوری تەماشاچی نابێتو ئەویش ئەیەوێ بەقەد باڵای خۆی سەهمی ببێت لەعێراقدا، وە ڕاستەوخۆو لەژێر ناوی بەرگرتن بەکردەوە تیرۆریستیەکانی pkk زەمینەی دەخالەتی خۆی خۆش ئەکاتو گەورەترین زەربەی کوشندە لە یەکێتیو پارتی ئەدات، وە کوردستانیش ئەبێتە مەیدانی جەنگو تەراتێنی هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە.

ئەگەر لەعێراق کۆنگرەی ئازادی عێراقو هێزی ئەمان نەتوانن ببنە ئەو هێزە گەورەو بەتوانایەی کە تای تەرازو بەقازانجی خەڵکی عێراق بگۆڕنو نەبنە عاملی بەرگرتن بەجەنگی تائفی لەناوەڕاستو باشوری عێراق، وەهاوکات بزوتنەوەی جیهانی دژی جەنگ نەتوانێ بەربگرێ بە نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقو جیهاندا، ئەوا ئەو گۆماوی خوێنەی کە دروست بووە چەند بەرابەر گەورەتر ئەبێتو سیناریۆی ڕەش لەعێراق تادێت قوڵتر ئەبێتەوەو دوریش نیە کە سەرجەم دەوڵەتانی ناوچەکەش بگرێتەوە.

لەکوردستانیش ئەگەر بزووتنەوەی جیاخوازیو جیابونەوەی کوردستان بەهێز نەبێتو، نەتوانرێت کوردستان لەعێراق جیابکرێتەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستان دانەمەزرێت، ئەوا کوردستان ئەبێتە مەیدانی جەنگو تا چەندین دەیەی دیکە ئەم فرسەتە کەئێستا بۆ خەڵکی کوردستان لەپێشە دووبارە نابێتەوە.